# سەرمایەداری تەنها دوژمنی ئینسان نیە

هیدایەت مەلا عەلی

هەندێك حاڵەت هەیە ئەگەر خۆت بە واقیعی نەیبینی و لە گەڵی بەرەو ڕوو نەبیت ناتوانی تەواو تەعبیری لێبکەیت و کاریگەری ئەو حاڵەتە لەسەر خۆت باس بکەیت . من ئەوەندەی وەك کەسێکی کۆمۆنیست فێربووم دنیا ببینم و کێشە کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکان لێك بدەمەوە هەمان کات تێگەشتم کە نیزامی سەرمایەداری لەسەر ئەساسی چەوساندنەوەی ئینسان و بەتاڵان بردنی بەری ڕەنج و ماندووبونی سەرجەم ئینسانە کرێکار و زەحمەتکێشەکان ڕاوەستاوە . ئەم نیزامە لە تەمەنی پڕ تاوانی خۆیدا هەموو شتێکی کردووە بەکاڵاو نرخی لەسەر داناوەو بەپێی سوودو بەرژەوەندیەکانی خۆی خستوویەتیە بازاڕەوە . نەك تەنها خواردن , ئاو , کارەبا , خانوو , دەرمان , ژن , منداڵ , تەنانەت خۆشەوویستی نێوان ئینسانەکانیشی بەپێی چاوچنۆکیەك کە ئەو هەیەتی وا داپڕشتووە ببێتە کاڵایەك و نیزامەکەی لە پشت ئەو ئیحساسە ئینسانیەوە سەدان ملیۆن دۆلار قازانج بکات . جارێك گوێم لێبوو کچێك بۆ هاوڕێکەی باسی ئەوەی دەکرد کە وازی لە هاوڕێ کوڕەکەی هێناوە بەو دەلیلەی کە پەیوەندی پێوە ناکات لە ڕێگەی تەلەفونە مۆبێلەکەیەوە .کچەکەی هاوڕێی پێی ووت خۆ ئێوە هەمیشە ئەتوانن یەکتر ببینن ئیتر بۆ کێشەتان قسەو پەیوەندیە . کچی یەکەم ووتی نا من ئەمەوێت تەلەفونم بۆ بکات بۆ مۆبیلەکەم . تێگەشتنی ئەم کچە لە خۆشەوویستی کارێك و لێکدانەوەیەکی شەخسی نیە تەنها پەیوەندی بە کەسیەتی ئەوەوە هەبێت بەڵکو پێوانەیەکە کە سەرمایەداران بۆ مۆدیلی خۆشەوویستی خستوویانەتە نێو کۆمەڵگاوەو ڕۆژانە کۆمپانیاکانی پەیوەندی گرتنیان بە سەدان ملیۆن دۆلاری لیێ قازانج دەکەن .من نامەوێت لێرەدا زۆر شیکردنەوەو دژی ئینسانی بوونی نیزامی سەرمایەداری باس بکەم ئەوەندە بەسە بڵێم ئەم نیزامە سەرچاوەی سەرجەم کوێرەوەری و شەڕ و نەهامەتیەکانی کۆمەڵگای بەشەریەو بەبێ کۆتای هێنان بە دەسەڵاتی ئەم نیزامە ئینسانیەت لە تاریکیدا دەمێنێتەوە . ئەوەی کە ئەمەوێت بۆتان باس بکەم و زیاتر چارەی زاڵمانەی ئەم نیزامەتان بۆ دەربخات ڕووداوێکی واقیعیە یاخود ئەوحاڵەتەیە کەلە سەرەتای نووسینەکەمدا ووتم هەندێك حاڵەت هەیە هەتا بەچاوی خۆت نەیبینی ناتوانیێ کاریگەری لە سەر ئیحساسی ئینسانیت دابنێ . ئەوەی کە من ئەیگێڕمەوە مەبەستم ئەوە نیە کە یەکەم جار بێت ئەم نیزامە لە دەرەوەی ئینساندا دەستی قازانج پەرستی و سەرمایەگوزاری بە گیانلەبەرو ئاژەڵ دا گەشتبێت و تاوانی یەکەمی بێت . چونکە هەموومان شاهیدی هەزاران جۆر زیندانی کردنی کۆتر و بولبول و ماسی و دەیان جۆری تر لە ئاژەڵین لە باخچەکانی ئاژەڵاندا و شاهیدی گیان لەدەست دانی هەزاران زیندەوەر و گیانلەبەرو ئاژەڵانین لە شەڕو کاولکاریەکاندا کە ئەم نیزامە بۆ دۆزینەوەی بازاڕو ساغکردنەوەی کاڵاکانی ئەنجامی داون . بەڵام ئەوەی من ئەمەوێت بۆتان بگێڕمەوە و تەواو منی ناڕەحەت کرد ئەو جۆرە لە تاوان و سەرمایە گوزاری کردنەیە کە سەرمایەداران نەك ئینسان تەنانەت بەسەر گیانلەبەران و ئاژەڵەوە دەیکەن . زۆر سەیرە لە چوار چێوەی ئەم نیزامە دژی ئینسان یەدا هەموو شتێکی جوان ئەبێتە مایەی لەدەست دانی گیان و تەنانەت کەرامەتی ئینسانیت . ئێستا دێمە سەر قسەکانم کە دەمەوێت بۆتان باس بکەم ڕۆژی 2005/1/27 لە کۆمۆنی شارەکە مانەوە ئاگادار کرامەوە کە کارێکیان بۆ من دۆزیوەتەوە لە کێڵگەیەکی کشتوکاڵیدا و هەندێکیش

ئاژەڵ و گیانلەبەری تێدایە . منیش یەکسەر ڕەزامەندیم دەربڕی و ڕێکەوتین لەگەڵ یەکێك لە فەرمانبەرەکانی کۆمۆن کە برۆین بۆ بینینی کارەکەو ڕێکەوتن لەسەر چۆنیەتی ئەنجام دانی کار و ئەرکەکانی من و ئەو پارەیەیەی کە مانگانە بە منی دەدەن . بەیانیەك کاتژمێر 10 بەرەو جێگای کارەکە بە ڕێکەوتین و بەو ئەدرەسەی کە پێمان بوو شوێنەکەمان دۆزیەوە . کێڵگەیەکی کشتوکاڵی گەورە کەکێڵگەکەم بینی یەکسەر خۆم هاتە بەر چاو کە چۆن تراکتۆر لێدەخوڕم و زەوی ئەکێڵم. دوای چەند هۆڵێکی گەورە دەرکەوتن و ژمارەیەك ئەسپ و چەندین ئامێری گەورە گەورەی کشتوکاڵی لە بەردەم هۆڵ و ماڵی خاوەن کارەکەدا ڕاوەستابوون . بەهەحاڵ لەگەڵ دابەزینمان لە سەیارەکە کەسێکی گەنج کە هەر لە تەمەنی خۆمدا ئەبوو هات بە پیرمانەوە و سڵاوی لێکردین و خۆی پێناساندین . پاشان چوینە ژوورەوەو لە چێشتخانەکەیان دانیشتین ژنێکی گەنج هات و بەخێرهاتنی کردین و ئەو یش دایك و باوکی پێناساندین دوای تێگەشتین دوو گەنجەکە هاوسەری یەکن و دایك و باوکی ژنەکە هاتوون سەردانیان بکەن و لە هەندێك کارو باری کێڵگەکەدا هاوکاریان بکەن . سەرەتای قسە دەستی پێکردوو فەرمانبەرەکەی کۆمۆن منی پێناساندن و ووتی ئەمە ئەو کەسەیە کە دەیەوێت ئەو کارە بکات کە ئێوە هەتانەو داواتان کردووە هەرکەس ئەیەوێت ئەو کارە بکات سەردانتان بکات .سەرەتا بە قسە هەندێك باسی کارەکەیان کردوو چەند پرسیارێکیشیان لە من کرد بەو پێیەی کە زانیان من پەنابەرم و خەڵکی دانیمارك نیم ووتیان تۆ گۆشتی بەراز ئەخۆیت . پێم ووتن من دوژمنایەتیم لەگەڵ هیچ ئینسان و ئاژەڵ و ڕووەکێکدا نیە . پێم ووتن ئەگەر زەحمەت نیە با بچین سەیری کارەکەو شوێن کارەکە بکەین و بزانم من ئەبێت چی بکەم . سەرەتا چووینە چەند هۆڵێکەوە چەندین جۆر ئاژەڵ و ئامێری تایبەتی تێدا بوو پاشان بردینیان بۆ سەیری کێڵگەکان و چەندین ئامێر و وەرشەی چاکردنە وە . تاکو ئێرە کارەکان ئاساین و ئەوەندەی من لە کارەکە بینیم تەنها ئەوەندە بوو کارێکی قورس و توانایەکی زۆری ئەوێت .بەڵام ئەوەی کە من بینیم لەو هۆڵەی کە ئەخیر جار چوینە سەیری ئەو شتە یە کە ئێستا بۆتان ئەگێڕمەوەو تەواو ناوەڕۆك و چاوچنۆکی سەرمایەدارانی بۆ دەرخستم . هۆڵێکی گەورە هەزاران قەفەزی تێدایەو بەسەر یەك و بەپەنای یەکەوە دانراون . ئەم قەفەزانە جۆرە گیانلەبەر ێکی تێدا بوو من پێشتر نەمدیووە شێوەی لە جرج ئەچێت و بەڵام گەورەترەو فەرویەکی نەرم و جوانی هەیە . ڕەنگی فەروی گیانلەبەرەکان سپی و قاوەی و ڕەش بوون . فەرمانبەرەکەی کۆمۆن پرسی ئەی ئەم گیانلەبەرە چی لێدەکەن و بۆچیتانە .خاوەن کارەکە ووتی ئێمە ئەم گیانلەبەرە بە خاتری فەروەکەی بەخێو دەکەین و ووتی نرخی هەر چاکەتێك کە لە فەروی ئەم گیانلەبەرە دروست دەکرێت 12 هەزار کرۆنی دانیمارك یە . لەکاتی قسە کردنەکاندا گیانلەبەرەکان پەلاماری ئەو پووشانەیان دەدا کەبەسەر قەفەزەکانیانەوەبوو بەڵام دەمیان پێینەدەگەشت . خاوەن کارەکە ووتی ئەم گیانلەبەرانە ئەبێت لەم کاتەدا هیچ خواردنیان نەدەینێ و ئەبێت برسیان بێت .پاشان ووتی ئێستا ئەم وەجبەیە ئاوسن و ماوەیەکی تر بێچوویان دەبێت و لە مانگی 11 دا پێستی گەورەکان کەوڵ دەکەین و خۆشەی دەکەین و دەیفرۆشین . من یەکسەر هەڵوویستەیەکم کردو بە فەرمانبەرەکەی کۆمۆنم ووت بە خاوەن کارەکە بڵێ کە من هیچ زیندەوەرێك سەر نابڕم و ناتوانم کاری وابکەم .خاوەن کارەکە ووتی نا ئێمە سەریان نابڕین وەرن با نیشانتان بدەم کە چیان لێدەکەین پێش کەوڵ کردنیان . بردینیە هۆڵێك ئامێرێکی لێبوو لە بەرمیلێکی گەورە دەچوو . خاوەن کارەکە ووتی گیانلەبەرەکان دەکەینە ئێرەو بە غاز دەیانخنکێنین و پاشان لە ژورێك و بە ئامێرێکی تر پێستەکەی کەوڵ دەکەین . ئەم قسەیە زۆر ناڕەحەتی کردم بەتایبەت کە باسی غازی کرد یەکسەر کیمیای هەڵەبجەم هاتە بەرچاو لەبری ئینسانەکان تاك تاك ئەو

گیانلەبەرانەم هاتە بەر چاو کە تەنها بە دەلیلی ئەوەی فەروەکەیان نەرمە و پارەی زۆر دەکات غازیان لێدەدەن و پشان پێستەکەیان کەوڵ دەکەن .کە گوێم لە قسەکانی خاوەن کارەکە بوو هەستم کرد ئەگەر ئەو کارە بکەم هیچ جیاوازیەکم نیە لەگەڵ ئەو تاوانبارانەی هەڵەبجەو سێوسێنان و دەیان شارو گوندی تریان کاول و کیمیای باران کرد . کاتێ گیان لەدەست دانی ئەو گیانلەبەرانەم دەهاتە بەرچاو یەکسەر لە عومەری خاوەرەوە تاکو عومەر فایق بە بەرچاومەوە دەکەوتن و لە هەدوو تاوانەکەدا یەك خەسڵە تم ئەبینی ئەویش تاوان و چاوچنۆکی سەرمایە . پاشان بردینیە ئەو ژوورەی کە پێستی گیانلەبەرەکە یان تێدا کەوڵ دەکرد بۆ هەرکەسێك یەك زەڕە ئیحساسی ئینسانی هەبووایە ئەو شوێنەی بە ئەمنە سوورەکە یاخود بە شعبەی 5 ی بەغداد ئەهاتە بەر چاوی. نیشانی داین کە چۆن کەوڵی دەکەن و چۆن هەڵی دەواسن بۆ ووشك بوونەوە . هەستم کرد ئەگەر من ئەو کارە بکەم هیچ جیاوازیەکم نیە لەگەڵ ئەوانەی لە شەڕی ناوخۆدا لووت و گوێی دیلەکانیان دەبڕی و بە پەرەمێز دەیانسووتاندن . قسەکانی خاوەن کارەکە تەواو سەریان گەرم کردم و هەستم کرد کەوتوومەتە جێگایەك هەرگیز ڕزگارم نابێت لێی . خاوەن کارو فەرمانبەرەکەی کۆمۆن هەستیان کرد کە من زۆر تێك چووم . من پرسیم لە خاوەن کارەکە ئەو گیانلەبەرانە چ تاوانێکیان هەیە ئێوە بە غاز دەیانکوژن و پاشان کەوڵیان دەکەن ئەوان چی بکەن فەروەکەیان نەرمەو پارەی زۆر دەکات و ئێوەی پێ دەوڵەمەند دەبن . خاوەن کارەکە بەم قسە حەپەساو هەندێك بێدەنگ بوو . هەر لەوێدا پێم ووت کە من ئەو کارە ناکەم . خاوەن کارەکە ووتی بۆ .ووتم چونکە من خەڵکی شارێکم لە چەند چرکەیەکدا 5000 ئینسان بەو غازەی تۆ بەکاری دێنی گیانیان لە دەست داو من لە شوێنێکەوە هاتووم لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆوە سەدان کەس کوژراون و لووت و گوێیان لێکراوەتەوەو خۆ ئەگەر شەڕ کەرەکان توانایان هەبووایە پێستیان کەوڵ دەکردن . پێم ووت من کەسێکم ئینسانی بیر دەکەمەوەو ناتوانم ژیان لە هیچ زیندەوەرێك بسەنمەوە . پێم ووت ئەم کارە بە کەڵکی من نایەت .من دەزانم ڕۆژانە سەدان کاری لەم جۆرە ڕوو دەدات و سەدان گیانی گیانلەبەر دەبێتە سەرچاوەی کەڵەکەی سەرمایەو پڕ بوونی قاسەو حیسابیەکانیان لە پارە بەڵام بڕواتان بێت ئەوەی من بینیم مەگەر کەسێك خۆی ببینێ و بتوانێ تەعبیری لێبکات . سەیرکەن ئەم نیزامە بۆ کۆکردنەوەی سامان و سەرمایە پەی بە هەموو نهێنیەکانی دنیا دەبات بە ئینسان و گیانلە بەرەوە بەڵام چاوی خۆی نووقاندووە بەرانبەر سەرەتایترین پێداوویستیەکان . ئەم نیزامە نەك چەوساند نەوەی ئینسانەکان تەنانەت دەستی بە گیانلەبەرە کێویەکانیشدا گەشتووەو هەر وەك ئینسان قەتڵ و عامیان دەکات و کۆشك و تەلاری پێ پێکەوە دەنێنن . بۆ ئەوەی تەواوی ئینسانەکان تەواوی گیانلە بەرو زیندەوەرەکان ڕزگاریان بێت. ئەبێت نیزامی سەرمایەداری نەمێنێت و سەرجەم پەیوەندیەك ئەو جێیخستووە هەڵوەشێتەوە و لە جێگای ئەو سۆشیالیزم دابمەزرێت کە سیستەمێکی ئینسانی و کۆمەڵایەتی و یەکسانیخوازە و توانای گێڕانەوەی حورمەتی هەیە نەك بۆ ئینسانەکان تەنانەت بۆ سەرجەم بوونەوەرەکانی سەر گۆی زەوی .